## مێژووی کۆچی دوایی میسباح دیوانی ئەدەب

ماڵپەڕی بۆکان/ ڕۆژهەڵات بەرەو پێش دەچێت و دەوڵەمەندتر دەبێت. لە چەند حەوتووی رابردوودا چەند وتاری گرنگ لە ماڵپەڕەکەدا بڵاو بوونەتەوە کە مێژووی بۆکان دەگرنەوە و من بە خەسارێکی گەورەی دەزانم لەم زنجیرە وتارەدا ئاماژەیان پێ نەکەم – جا ئەو وتارانە هەر تایبەت بە ماڵپەڕەکە نووسرابن یا سەرنووسەر لە سەرچاوەی دیکەی هەڵبژاردبێتن. لە چەند ئاڵقەی دوای ئەم ئاڵقەیەدا، چەند وتار تەرخانی ئەو بابەتانە دەکەم.

یەکەمیان وتاری ڕێزدار محەمەدی حەمە باقی یە بە ناوی "مزگێنی دۆزینەوەی مێژووی مەرگی شاعیری ناودار عەبدوڵڵابەگی میسباح دیوان(ئەدەب)". کاک محەمەد پێشتر چاپێکی تازەی لە دیوانی ئەدەب بڵاو کردبۆوە (بڕوانە ئاڵقەی 39 و 118 ی ئەم زنجیرە وتارانە) و لە سەرەتاکەیدا هەوڵی باشی دابوو بۆ دیاری کردنی ڕێکەوتی مردنی ئەو شاعیرەی ناوچەی بۆکان، لە ئەنجامدا هاتبووە سەر ئەوەی کە میسباح دەبێ لە نێوان ساڵانی 1915 و 1917 دا کۆچی دوایی کردبێت.

بە گوێرەی وتاری تازەی نووسەر، کە لە ماڵپەڕەکەدا بڵاو بۆتەوە، دوو بەڵگەی سەلماوی بە متمانە دەریدەخەن کە میسباح دیوانی ئەدەب لە ڕۆژی شەممە 19 ی جەمادی دووهەمی 1334ی کۆچی مانگی بەرانبەر لەگەڵ 1944/4/23 ی زایینی و 1295/2/2 ی هەتاوی دا کۆچی دوایی کردوە و ئەو روون کردنەوە و دۆزینەوەیە لە لایەن کاک محەمەدی حەمە باقی و ئەو بەڕێزانەی کە بەڵگەکانیان خستۆتە بەر دەستی ئەو، جێگەی لێزانی و سپاسە.

ئەوە ئێوە و ئەوەش دەقی وتارەکە، وەرگێراو لە ماڵپەڕی بۆکان/ڕۆژهەڵات کە ئەویش لە ماڵپەڕی  سیروانی وەرگرتووە :

## ئاوڕدانەوەیەکی خەست لە مێژووی ژیانی مامۆستا ئەدەب

جۆلانە و بێشکەی مەڵبەندی موکریان،پیاوانی ماقوڵ ومەزنی ڕاهێناوە و گەورەی کردووە، چوار چێوەی کوردستان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی گۆڕەپانی شێعر و هەڵبەست و هونەرە تا شۆڕە سوارانی ئەدەبی کوردی بە کەیفی خۆیان ڕکێف لێدەن وفرکەیان بێت و ئەسپی خەیاڵ و بیر و هزری وشەی ناسک و ڕەنگینی کوردی تاودەن تا بەڵکوو وەستا ڕەنگین و کارجوانەکان کۆشک و تەلار و باڵاخانەی کوردەواری بە مافوورەی جوان و خۆماڵی ئەدەبی و فەرهەنگی بڕازێننەوە.

چیمەن ودیمەنی جوانی،رژد و گەوە و ئەستەمانی،تەرەغە،ناڵەشکێنە و حەوزەگەورەی بۆکانی، جەغەتوو و چۆمی مەجید خانی،بۆتە گوڵزارەی بولبولانی موکریانی.

شاعیرانی وەک:سەیفی قازی،هەژار،هێمن،سوارە،ئیمامی،سالاری سەعید و ئەحمەدی هەڵوا و دەیان و سەدان شاعێری دیکە لە گوڵی ئەو مەڵبەندە شیرەیان هەڵمژیوە وهەنگوینیان لێ هەڵقولاندووە.

یەکێک لەو کەڵە شاعیرانەی لە کۆشک و باڵاخانەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی جێگای شیاوی خۆی کردۆتەوە،بە ئارخەیانی پاڵی داوەتەوە و بۆتە مایەی شانازی نەتەوەکەمان،"عەبدوڵڵابەگی میسباحوددیوانی ئەدەب" براگەورەی سالاری سەعیدی شاعیرە.

عەبدووڵڵابەگ کوڕی ئەحمەد بەگ،کوڕی برایم بەگ،کوڕی ئەحمەد بەگ ،کوڕی برایم بەگ،کوڕی رۆستەم بەگ،کوڕی کەیکاووس بەگ،،کوڕی شێخ حەیدەر بەگە و هەر بۆیەش شۆرەتیان بە حەیدەری ناو و ناوبانگی دەر کردووە و بە رۆستەم بەگیش مەشهوورن،مزگەوتی رۆستەم بەگی سابڵاغ ئاساری رۆستەم بەگی باپیرە گەورەی میسباحە.

میسباح ناوی دایکی بەگی خانم بووە،لە ئاوایی ئەرمەنی بڵاغی،ناوچەی ئاڵەشینی سەر بە شاری بۆکان لە بنە ماڵەیەکی دەست رۆیشتوو و خاوەن هەست و زەوق لە دایک بووە،تا کوو ئێستاش ساڵی لە دایک بوونی بە راستی نەزانراوە.

ئەحمەد بەگ سێ کوڕی بووە کە بریتین لە عەبدوڵڵا بەگی میسباح،عەلی بەگی حەیدەری ناسراو بە سالاری سەعید و عەزیز بەگ.

میسباح لە شوێنی لە دایک بوونی لە لای مەلا فەیزوڵڵا ناوێک خەریکی خوێندنی سیپارە بووە و لە پاشان مامۆستایەکی تایبەتی بە ناوی میرزا عەبدولوەهابی تالشیان بۆ گرتووە.

عەبدوڵڵا بەگ هەر لە منداڵییەوە خاوەن هەست و زەوق و لە لای باوکی زۆر خۆشەویست بووە، باوکی ناسناوی"خانی خانانی "موکریانی پێداوە،بەڵام ئەو کاتەی کە محەممەد عەلی شای قاجار، وەلیعادەی شاری تەورێز بوو،میسباح لە لایەن تاجرێکی شاری تەورێز بە ناوی هومایوونفەڕ،کە پێی قەرزدار بووە،شکایەتی لێکردووە و خراوەتە زیندان،بەو پارچە شێعرە:

شاها برفتی چنین جاه و محتشم خود را بر گزیدی بر این راه مقدم

بۆ معەممەد عەلی میرزای نووسیوە و لەو شێعرەدا ئاماژە بە کوشتنی ناسرەددین شا دەکا و هەڵمەت بۆ میرزا رەزای کرمانی دەبا کە ئەو پادشا مەزنەی بە رەشە کوژی کوشتووە،محەممەد عەلی میرزا شێعرەکەی زۆر پێ خۆش دەبێ،لە زیندان رزگاری دەکا و ناسناوی میسباحەددیوانی پێدەدا.

ئەدەب بە حەوت زمانی کوردی،فارسی،تورکی،عەڕەبی،ئینگلیسی،رووسی و فەڕانسەوی ئاشنا بووە.بۆ ماوەی دوو ساڵ لە فەڕانسە خەریکی خوێندن و ماوەی ساڵێکیش لە رووسییە خوێندوویەتی، پاشان دوو جار بۆ عیلاجی نەخۆشییەکەی سەفەری رووسییەی کردووە.

میسباح لە نەققاشیدا دەستێکی باڵای هەبووە و تەواوی دەرک و دیواری دیوەخانی قەڵاکەی وێنە و عەکسی جۆراوجۆر،بە تایبەت نوسرەت خانمی خێزانی لێکێشاوەتەوە.دەوا خانەی زۆر

گەورەی هەبووە و خەڵکی بە خۆڕایی دەرمان کردووە و ناوی دیوی نەققاشانی لێ ناوە وشاگردی دەوا خانەکەی کەسێکی بێ سەواد بە ناوی مستەفامحەممەدی شقاق خەڵکی ئەرمەنی بڵاغی بووە کە تەواوی دەواکانی ناسیوە و هەر کاتێک دەرمانێکی ویستووە ،بۆی هێناوە.

میسباح پێنج ژنی هێناوە کە ژنی هەوەڵی جەواهێر خانمی جانگیر بەگی ئاغجێوانە و ئامۆزای خۆیەتی،لەو ژنە سێ کوڕی بەو ناوانە بووە:محەممەد کەریم ناسراو بە میسباحی دووەم، عەبدولڕەحیم ناسراو بە ئیفتیخار ،ئەحمەد ناسراو بە ئاغا چکۆلەی کانی مەمملی،کە ئاغا چکۆلە بۆ خۆی خاوەن هەست بووە و لە لای باوکی فێری دوکتوری بووە وزۆربەی شێعرەکانی باوکی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە.

ژنی دووەمی میسباح ناوی ستارە کچی وەستا حەسەنی موقەننی خەڵکی تەورێز بووە کە لە رێکەوتی پێنجی جەمادیول ئەوەڵی ساڵی 1317ی کۆچی مانگی مارەی کردووە.

ژنی سێهەمی میسباح کە کوورەی دڵی نێڵ داوە و بۆتە شەمسی مەولەوی و حەبیبەی نالی و میسباحی کردۆتە قەقنەس و ئەدەبی ئاشق و سەودا سەری سەر تاپای جەماڵی خۆی کردووە و تەواوی هۆنراوەکانی بە بۆنەی ئەوەوە هۆندۆتەوە و لە ئاخریشدا بە بێوەفایی لە لای ئەو رۆیشتووە. نوسرەت خانم کچی میر پێنجی قەرە گوێز بووە کە بە میر پێنجی قەرەداغ مەشهوورە،ماوەی یەک حەفتە شایی بۆ گیراوە و لە کاتی گوێستنەوەیدا لە تەپی"کەرێزێ" لە ئەرمەنی بڵاغی تا نێو قەڵاکەی مەخمەری سوور و شینی راخستووە و کاتێ زاوا و بووک گەزێکی لێ رەد دەبوون،خەڵکی لە پشتەوە بۆ کڵۆنجە و کەوا بڕیویانەتەوە.

نوسرەت خانم کابەی خۆشەویستی چل دانەی نیازی میسباحە،هەوێنی شێعر و گوڵی پشکوتووی باغی ژیانی ئەدەبە،بۆیە ئەو بولبولە قەت لە خوێندن ناکەوێ،هەر بۆیە ئەو کاتەی نوسرەت خانم لە ماڵی باوان بووە و میسباحیش بۆ مسافرەت چۆتە تەورێزێ،هەواڵیان بە میسباح داوە کە نوسرەت خانم نەخۆشە،بە خێرایی گەڕاوەتەوە و سەفەرەکەی پەک خستووە و بەو شێعرەش دەردی دەروون هەڵدەڕێژێ.

چاوەکەم بیســـــــتم نەخۆشیت،یارەبی نەتبـــێ ئەلەم

تۆ کە یەک زەڕڕەت ئەلەم بێ،بۆمە یەک دنیایە غەم

هێندە خەمناکم لە بەر تۆ ،ئەی نیگاری خونچـە لەب

چی دەکەم،چەندی دەکەم،ناچێتە سەر کاغەز قەڵەم

ئەگەر نەگا ئەو رۆژە نامەی سیحەتی ئەندامـــی تۆ

خەو لە چاوم ناکەوێ بەو دوو لەبی لەعلت قەسەم

بەڵام بەداخەوە لە گەڵ ئەوهەموو خۆشەویستی وعەشق و سۆز وئەوینە نوسرەت خانم لە گەڵی بێ وەفا بووە و میسباحی بە زەلیلی و ئیفلیجی بە جێ هێشتووە و مێردی بە حاکمی سابڵاغ بە ناوی رەشیدەلمولک کردووە.

ئاغایان و گەورە پیاوانی ناوچەی موکریان بۆ ئەوەی شەڕ نەکەوێتە ناوچەکە،مڵکی سێ دێیان پێداوە کە نوسرەت خانم تەڵاق بدا،بەڵام میسباح چونکە زۆری نوسرەت خۆشویستووە،کوتوویە تا بۆ خۆم گوێم لە قسەی نەبێ تەڵاقی نادەم،کاتێ کە قسەی لە گەڵ کردووە؛کە بۆ خۆت هاتووی یان بە زۆری هێناویانی؟ئەویش لە وڵامدا کوتوویە کە بۆ خۆم هاتووم،نایەمەوە لات.میسباحیش لە نێو پیاو ماقوڵان و مەزنە پیاوانی موکریاندا لە سەر تەپاڵەیەک تەڵاقی دەدا.

دوای ئەو ڕووداوە،ژنی چوارەمی هێناوە بە ناوی عەنبەر خانم کە خەڵکی ئەرمەنی بڵاغی و قەرەواشی خۆیان بووە،ئەو ژنە ئەوەندە جوان و لە بەر دڵان بووە،میسباح ناوی نوسرەت شکێنی لێناوە و کوڕێکی بە ناوی عەزیز خان لێی بووە.

ژنی پێنجەمی میسباح بە ناوی جەمین خانمی ئەحمەدە زەردە کە کوڕێکی لەو ژنە بە ناوی حەسەن بەگ هەبووە کە ئەویش جوانە مەرگ بووە.

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی مامۆستا ئەدەب خواردنەوەی ئاوی جەغەتووە،تەنانەت ئەو کاتەی کە لە ماڵی برایم ئاغای باغچەی فەیزوڵڵا بەگی ئاوارە دەبێ،بە وتەی کاک حەسەنی سۆهرابی پیاوێکیان بە ناوی ئەحمەد رابی بۆ تەرخان کردووە تا لە ساروو قامیشەوە لە دەم چۆمی جەغەتوو ئاوی بۆ بێنێ،بەڵام ئەویش بۆ تاقی کردنەوەی میسباح ڕۆژێک لە کانیاوێکی دیکە ئاوی بۆ دێنێ و میسباح بۆنی پێوە دەکا و زوو دەزانێ کە ئاوی جەغەتوو نییە.

میسباح جگە لە شێعر،هەڵبەستی بۆ گۆرانیش داناوە،لە مۆسیقی و نەققاشی و خەت خۆشی و پزشکی دا دەستی هەبووە،لە گەڵ خەڵکی ئاسایی دەمەتەقە و مونازەرەی شێعریان بووە.ئەو کاتەی چلەی زستان ،پەری سیما خانمی حەیدەری، پووری میسباح لە رەحیم خانەوە بە پیاوێکدا بە ناوی ئەحمەد خەییات هەڵوای بۆ میسباح ناردووە.ئەحمەد خەییات بەو شێعرەی خوارەوە گاز دەکاتە میسباح و دەڵێ:

گەردن قورینگی خاسەکەوێ

مەرگم وەپێش مەرگت کەوێ

بە کاڵەوە رێـــــــــــم ناکەوێ

میسباحـــــــــــیش ئاوای وڵام دەداتەوە:

گەردن قورینگی شارەزووری

بە کاڵـــــــــەوە وەرە ژووری

ئاغـــا لە نـــۆکەر نابووری

میسباح لە گەڵ شاعیرانی ناوداری زەمانی خۆی هام و شۆی بووە و دەمەتەقەی شێعریان هەبووە،لە جافایەتی سەردانی شاعیری ناودار و غەزەڵ نووسی گەورەی کورد تاهیر بەگی جافی کردووە و بە خەتی خۆی ئەم شێعرەی بۆ دەنووسێ:

دڵ لە حەسرەت غەمزەکەی دوو نەرگسی پڕ خەوتەوە

وەک خەمی زولفت عەزیزم چوو بە روودا کەوتەوە

مەنعـــــی سووتانم دەکەن ئەبلە لە شەوقی روومەتت

چۆن نەسووتێم تۆ بە ئاگـر ،مـــن بە بارێ نەوتەوە

مەسحەفی خۆش خەتی کوڵمەت گەر ببینێ شێخی مە

کافرە گەر بۆ سوێنــدیش بچتە نێـــــو مزگەوتەوە

تیری پەیکانی موژەت پێرێ کە کاری بوو لە دڵ

دوێ شەوێ تا سوبح هەدادانی نەبوو نەسرەوتەوە

گەر دەپرســـــی بۆ قسەت وا هێندە شیرینە ئەدەب

شەککەر ئەفشـــانە لەبـــم جانا لە ماچی شەوتەوە

هەر وەها لە گەڵ شاعیری گەورە و نیشتمانپەروەر ،سەیفولقوززات مامۆستای شاعیرانی موکریان و بناغەداڕێژی شێعری تازەی نیشتمانی و رووناکبیری ،پێوەندی هەبووە و لە لای جەنابی سەیفی قازی رێزی تایبەتی هەبووە تا رادەیەک کە سەیفولقوززات لە شێعرێکدا ئاماژە بەو پێوەندی و خۆشەویستییە دەکا:

لە مەیدانی سەعادەت بوو نەسیبی من سەعادەت بوو

بە عینوانی مەدیحـــێ جار و بارە دێمە مەیـــدانت

فزوولی،ئاوری شەیتانە،هەوای شەیتانی قەت ناکەم

لە بابەت ئاوی خۆش گێلدی لە سەر ئاوی رەحیم خانت

لە لام تەرکی ئەدەب کوفرە،ئەمن تەرکی ئەدەب ناکەم

لە بەر وەی بوو کە راوەستام لە لای میسباحی دیوانت

بە شاهیدی مێژوو با قسەی ئەو کەسانە رەت کەینەوە کە میسباح هەستی نەتەوەیی و نیشتمان خۆشەویستی نەبووە،بەڵکوو تەنیا بە بەژن و باڵا و زولف و خاڵدا شێعری هۆندۆتەوە،ئەوەتا لە نامەیەکدا کە لە سەفەری تورکییە بووە و تەواوی شارەکانی گەورەی ئەوێ گەڕاوە و نامەیەک لە ساڵی1332ی کۆچی مانگی بۆ میرزا ساڵحی کەیانی نووسیوە کە باسی نیشتمان و وڵاتەکەی دەکا:

"ضمناً خالق یکتا راشکر گزاردە و بگویید:ای افرینندە کە ترا کسی ندیدە،ما اکراد و اهل این بلاد را حکمت وصانعەی تو افریدە،بە ما بیچارگان چە مقامی سزاوار دیدە و بە اینهاکە مخلوق تواند،چە نزهت گاهها بخشیدە،بە ما چە خلقی روا،بە اینها چە خلیقی عطا فرمودە،بە ما چە ذلت

و عسرتی داده،به اینها چه معیشت با عزتی نهاده،ما چه سان به زحمت و تلاشی انداخته و اینها تا چه درجه و رتبه معاش پرداخته".

ئەو کاتەی کە رووس شالاٌوی بۆ ئێران هێنا،بە تایبەتی کوردستانی خستە ژێر چەپۆکەی خۆیەوە، میسباح نەیدەویست ئاوایی ئەرمەنی بلاٌغی جێ بهێلێ،بەلاٌم کوڕەکانی لێی ناگەڕێن و بە ناچاری لە ترسی رووس بۆ ماوەی چوار مانگان لە ماڵی برایم ئاغای باغچە دەمێنێتەوە،کاتێک کە دەزانێ کە دەواخانە و دیوی نەققاشان،رووسەکان تالاٌنیان کردووە و بە کتێب و دەرمانەوە بردوویانە،لە تاوان دیق دەکا و رۆحی گەورەی ئەو شاعیرە ناسک خەیاڵ ومەزنەی کورد لە لێدان دەکەوێ و لە مەرقەدانی گوندی باغچە لە تەنیشت خەلیفە مەلا حەمەدەمین دەنێژرێ،عەولاٌ پیرۆت کە گۆرانی بێژی تایبەتی میسباح بووە،لە کاتی ناشتنی دا ئاوا بە سەری دا هەڵدەڵێ:

"لە سەرانم هەلاٌتە،لە داوێنم هەلاٌتە،ئەوە عەولاٌ بەگ لە خزمەت مەلا حەمەدەمین دەکاتەوە وەفاتە"

لە کۆتایی دا دەبێ بڵێم کە میسباحەددیوان لە شەوی شەممە سەعات شەش و نیوی بەرە بەیانی 2ی بانەمەڕی 1295ی هەتاوی بەرانبەری1916/5/22ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

رۆحی شاد و رێگای پڕ رێبوار

کاک یوونسی ئەمین پوور

رێکەوتی4ی گەلاٌرێزانی2708ی

کوردی

*دوای بڵاو بوونەوەی وتاری سەبارەت بە میسباح، برای بەڕێزم کاک ڕەحیم بەهرام زادە ئەم یادداشتەی خوارەوەی بۆ ناردم، کە بەوپەڕی سپاسەوە لە کۆتایی وتارەکەی کاک محەممەد حەمە باقی دا دەیهێنم:*

"ئەو "ئەحمەد ڕابی"یەی وا ناوی جەخەتووی بۆ میسباح دەهێنا، لە کۆتایی تەمەنیدا لە گوندی کرکرە لە ناوچەی فەیزولابەگی دەژیا و کوڕەکەی ناوی مینە بوو. کرکرە هێندە لە باخچە دوور نییە، کە ئەدەب لە کۆتایی تەمەنیدا لە وێ دەژیا. ئەحمەد ڕابێ ژنێکی هە بوو کە بە ئەسڵ خەڵکی هەوشار بوو و لێی تۆرابوو و قەت نەهاتەوە بۆ لای. ئەحمەد ڕابی پیاوێکی دەنگ خۆش بوو سەرەڕای تەمەنی زۆری، گۆرانی دەگوت. من خۆم لە بیرمە لە مزگەوتی گوند بە هەوای خاڵەی ڕێبوار دەیگوت:

شەرتە تەرکی کەم سێو و گردەکان
تا خاوەر دێتۆ لە ناو کوردەکان[1]

ئەحمەد ڕابی بینایی لە دەست چوو و گیانیشی بە دوایدا و چاوی بە خاوەری خۆشەویستی نە کەتەوە. ئەو جارەش وا فێڵی لە ئەدەب کردبوو، ناوی لە کانییەک بۆ بردبوو کە لە گوندی باخچە پێیان دەگوت "ئەستێر سۆفی".

گۆرانی وێژی دەنگخۆشی ناوچەی فەیزولابەگی بە ناوی محممەد رەسوڵ قارەمان خەڵکی باخچە بوو لە گەڵ ئەحمەد رابی لە تایفەی باوکەوە خزمایەتی هەبوو."

---

[1] لە ناوچەی فەیزولابەگی بە هەوشارییەکانیان دەگوت "کورد".